# مەسئوول کێیە ؟!

محەمەدی مشیر
muhammad_mushir@yahoo.com

چەند رۆژێك لە مەو پێش دوو کەس لە قاوەخانەیەکدا دەبێتە مشتومڕیان ، دەرەنجام یەکێکیان لەوەی تریان دەپرسێ ، مەسئوول کێیە ؟ ئەوی دیکەشیان هەروەکو پێشتر راهێنراوە، وەڵام دەداتەوەو دەڵێ: جا تو خوا ئەمەش پرسیارە لە منی دەپرسی ؟ ئەی نازانی مەسئوول " ئەو کەسەیە پاسەوانی دڵسۆزی بەرژەوەندییەکانی گەل و نیشتمان بێ و بەرژەوەندە تایبەتەکانی خۆی بە سەر بەرژەوەندە گشتییەکاندا زاڵ نەکات ".

ئەوەی یەکەمیان کە گوێی لەو وەڵامە دەبێ ، کەمێك بێدەنگ دەبێ و دەڵێ : وەڵڵا وە بیلا وە تەڵڵاهی کە هەرسێکی ناوی خوایە ئەمڕۆ لە هەر کۆڕو کۆبوونەوەیەکدا ئەوها پێناسەی مەسئوول بکەی بە دەردی سینەماکانی هەولێر دەچیت و یەك دانە موشتەری بە دەوری خۆتدا نابینیتەوە و، هەر کەسەو بە جۆرێك دەتکا بە پەڕۆی ئەو لافیتە رەنگ هەڵبزڕکاوانەی کە جگە لە خاوەنەکانیان کەسێ دروشمە نووسراوەکانی سەریان بە فلسێکی قەڵپیش ناخوێنێتەوە !!

کورە کاکە گیان خێر بڵێ، رەحمەت لە مردووت ، ئێمە کاتێ خەباتی نهێنیمان لە شارەکان ئەنجامدەداو دواتریش کە چووینە شاخ لە دژی رژێمە دیکتاتۆرەکەی بەعس ، سوێندت لە سەرم نییە، بە بیلا قەسەم هەر ئاوایان فێرکردین و ئێستاشی لە گەڵدابێ لەم پێناسەیە زیاتر نازانم !! بۆ.. چی نوێ هەیە من نەیزانم ؟!

لەم مشتومڕەدا دەبن ئەوەی یەکەمیان ، دیسان دەپرسێتەوە مەسئوول کێیە ؟

یەکێ لەو لاوە خۆی هەڵدەداتێ و وەك بەرزەکی بانان خۆی دەخزێنێتە ناو باسەکەو لە جیاتی ئەویتریان وەڵامدەداتەوەو دەڵێ : ئەرێ وەڵا کاکی برا شتی نوێ زۆرە کە دیارە تۆ نایزانی ، بۆیە ئیجازەم بدە با من پێت بڵێم مەسئوول کێیە و لە جیاتی تۆش ئەگەر روخسەت بێ وەڵامی پرسیارەکەی ئەو برادەرە دەدەمەوە وتۆش دەتوانی سوودی لێوەرگریت.... کابرای خاوەن پرسیار بە نابەدڵییەوە گوتی دە فەرموو بەڕێز پێمان بڵێ مەسئوول کێیە؟

کەسی سێیەم لە وەڵامدا وتی : کەمێك وەرنە پێش با پێتان بڵێم .... رووی دەمی کردە کەسی دووەم و گوتی : مەسئوول ئەوە نییە کە تۆ دەتەوێ بەو برایەی بفرۆشی قوربان.

–ئێ باشە کاکە گیان من کابرایەکی کلاسیك و ئێوەش مۆدێرن ، تۆ پێمان بڵێ مەسئوول کێیە و نەجاتمان بدە و، لە کورتی بیبڕێنەوە قوربانی قەڵەمی سەر گیرفان و کتێبی دەستت بم ، دە فەرموو

..

**کاکی کلاسیکی بەڕێز:**

**یەکەمیان ، کاتێ مەسئوول لەفز دەکەیت کەمێ لچو لێوتی بۆ شۆڕکەوە و لە هەیبەت و ویقاڕی وشەکە کەم مەکەوە رجات لێدەکەم ، مەسئوورل لەوەتەی هەیە هەر مەسئوول بووەو لایقیەتی و بە دەست خۆی نییە خەڵك بۆی سووتاوە !!**

**دووەمیان : قەت شەرم ناکەی بە مەسئوول دەڵێی (پاسەوان ) ، ئاخر بە هەموو عەقڵی رزیوی خۆت دەتەوێ پاسەوانەکان بێ ئیش و کار بکەی و بەیانی موزاهەرە بکەن و داوای کارەکانیان بکەنەوە .. !!**

**سێیەمیان :زۆر عەیبە بە مەسئوول دەڵێی (کەس) ، ئاخر تو ویژدانت مەسئوول کەسە ، بە مەسئوول بڵێی کەس زمانت لاڵ دەبێت .. نەکەی جارێکی تر بە بەرچاوی خەڵکەوە بەمجۆرە ناوی مەسئوول بێنیت هەی فەقیر حاڵ !**

**چوارەمیان : قەت شەرم لە سەرو ریشی بۆزی خۆت ناکەیت باس لە وشەی (تایبەت) دەکەیت ، دەزانی ئەم وشەیە لە کاتی خۆیدا تەنها بۆ مەفرەزەی تایبەتی ئەمن بەکاردەهات .. شورەییە باسی تایبەت دەکەی تا گشتەکە هەبێ مەسئوول تایبەتی بۆ چییە هەی گەمژەی نەزان ، دەڵێی لە بن دیواری مزگەوتان گەورە بووی ... دیارە نازانی ئێستا سەردەمی عەولەمەو(گشتاندنە) هەی کیوی !**

**پێنجەمیان :لە پێناسەی (مەسئوول) دا باسی زاراوەی (زاڵ) دەکەی.. وەڵڵا قەسەم ئەگەر دوور بەدووری نەمناسیبووای ... ئێستا لە سەر ئەو لەفزە نابەجێیەت کارێکم پێ دەکردی با بە دەواری شڕی نەکردبێ ، ئاخر پێم ناڵێی زاڵی چی و ماڵی چی ؟؟ ئەوە نییە رۆژانە بە کەیفی خۆتان دادەبەزنە سەر مەسئوول و دەچنە سەر شەقام و رێگا دەپێون و دەنگ بەرزدەکەنەوە و مەسئوول نارەحەت و بێزار دەکەن ، کەچی ئەو هێندە دڵ مەزن و سینگ فراوانە بۆیە پێی شەرمە هەر وەڵامیشتان بداتەوە ، تو خوا ئەمە (زاڵ)ە،... عەیبە عەیب گەر ئەو جارە لە هەر شوێنێك باسی مەسئوولت کرد بزانە چی دەڵێی و ئاگات لە بەر دەمی خۆت بێت وڕێنان مەکەو ئەڵفازت جوان بێ !!**